سەرۆك كۆمار جەخت لە پێویستی ڕەچاوكردن و بەدواداچون بۆ تایبەتمەندییە تەكنیكییەكان لە پسپۆڕییەكانی ئەندازیاریدا دەكاتەوە

سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید لە كۆشكی سەلام لە بەغداد پێشوازیكرد لە زولفەقار حەشی ئەلمەكسوسی نەقیبی سەندیكای ئەندازیارانی عێراق و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەندیكا.

سەرۆكایەتی كۆمار بڵاویكردەوە لە میانی دیدارەكەدا، كە ئەمڕۆ سێشەممە 2-4-2024 بەڕێوەچو، سەرۆك كۆمار دوپاتیكردەوە، سەقامگیریی ئاسایش لە شارەكان و پارێزگاكان كاریگەری ئەرێنی هەبووە لەسەر هەنگاونان بەرەوپێشەوە لە پرۆسەی بونیادنان و ئاوەدانكردنەوە و جێبەجێكردنی پڕۆژەی ستراتیژی و گەورە و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری. ئاماژەی بەوەشكرد، پلاندانانی دیراسەكراو و هەوڵەكانی بونیادنان و جێبەجێكردن، دوو پایەن بۆ بنیاتنان و پێشكەوتنی وڵاتان و گەلان.

سەرۆك كۆمار جەختی لەسەر پێویستی ڕەچاوكردن و بەدواداچون بۆ تایبەتمەندیی تەكنیكی لەسەرجەم پسپۆڕییەكانی ئەندازیاری و جێبەجێكردنی تایبەتمەندیی ئەندازیاری و لێپێچینەوە لە كەمتەرخەمەكان، كردەوە. ئاماژەی بۆ بایەخی ڕەچاوكردنی مەرجەكانی سەلامەتی و بەكارهێنانی كەرەستەی بیناسازی كوالیتی بەرزیش كرد لەپێناو زامنكردنی سەلامەتیی نیشتەجێبوان و دانیشتوان، سەرەڕای گرنگی بوونی تیمی تایبەت بۆ بەردەوام دڵنیابونەوە لە بونی مەرجەكانی سەلامەتی.

هەروەها سەرۆك كۆمار ڕۆڵی ئەندازیارانی عێراق و هەوڵەكانیانی بەرزنرخاند لە بەجێگەیاندنی ڕۆڵ و ئەرکەکانیان لە خزمەتکردنی کەرتی ئەندازیاری لە عێراق و ئەو دەستکەوت و کار و بەخشینانەی لەلایەن سەندیکای ئەندازیارانەوە ئەنجامدراون، کە بەشداربون لە گەشەپێدانی پرۆسەی پەرەپێدانی هەمەلایەنە لە وڵاتدا، هەروەك ئاماژەی بە گرنگی گرتنەبەری پێشکەوتنی پیشەیی دروست کرد بە دەرچووانی کۆلێژەکانی ئەندازیاری لە کاتی دامەزراندنیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.

سەرۆک کۆمار هانی سەرۆك و ئەندامانی سەندیکای دا، کە گرنگی بە پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و ئەنجامدانی سیمینار و کردنەوەی پێشانگا بدەن، جگە لە کردنەوەی بوارەکانی هاریکاری بە ئاوگۆڕی ئەزموون لەگەڵ وڵاتانی دیکە لەپێناو پەرەپێدانی کاری ئەندازیاری و هەنگاونان لەگەڵ کاروانی گەشەپێدان و پێشکەوتن، کە عێراق لە ئاستە جیاجیاکاندا بەخۆیەوەدەبینێت، بەشێوەیەک کە بەشداربێت لە پێشکەوتنی کەرتی ئەندازیاری و پەرەپێدانی تواناکانی ئەندازیارانی عێراق، لەمبارەیەشەوە ئامادەیی سەرۆکایەتی کۆماری بۆ پشتگیری و پاڵپشتی بە سەندیکای ئەندازیاران ڕاگەیاند لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی کارەکانی دەبێتەوە.

لەلایەن خۆیانەوە نەقیب و ئەندامانی سەندیکای ئەندازیارانی عێراق باسیان لە بەڕێوەچونی کارەکانی سەندیکا و پلانەکانی بۆ بونیادنان و گەشەکردنی وڵات کرد و جەختیانکردەوە، کە هەموو توانایەکیان تەرخاندەکەن بۆ هاریکاری تەواو لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت لەڕێگەی بەشداریکردن لە پلان و پڕۆژەکانی گەشەپێدان و پێشکەشکردنی ڕاوێژی ئەندازیاری و خولی ڕاهێنان بۆ ئەندازیاران لەپێناو بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا.